# رۆژنامەگەری کوردستان و کۆریا هەر خوایان یەکە

**تامان شاکر**

ئەگەر بتەوێ ببیت بە رۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو لە کۆریا دەبێت 5 ساڵی رێك لە بەیانییەوە تاوەکو کاتژمێر 10 شەو لە زانکۆ بخوێنی. وەزمانی ئیگلیزیش بەباشی بزانی، ئەوە قسەی پرۆفیسۆر (کوانگ ڤۆن کیم) کە ئێستا مامۆسایە لە بەشی خوێندنی رۆژنامەوانی شاری پوزان*.

دونیای رۆژنامەگەری نێوان کۆریا و کوردستان زۆر جیاوازە، مەگەر هەرخوایان یەك بێت ،

رۆژنامەگەری لە کۆریا هەنگاوێکی باشی بڕیووە و لە سەدا شەستی خەڵکی کۆریا رۆژنامە دەخوێننەوە

بە قسەی ئەوان میدیای ئەلەکترۆنی کەمێك کڕینی رۆژنامەی کەمکردۆتەوە، چونکە ئەوان رۆژنامەیەکی تایبەتیان هەیە بەناوی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی (شوسون) ، خەڵك دەتوانیٚ لەسەر مۆبایل و شاشەی تیڤی بیخوێنێتەوە، هەر هەواڵێکی گرنگیش هەبێت خۆیان بۆ مۆبایلەکانی دەینێرن، بێجگە لەو رۆژنامانەی کە لە سەر تۆری ئینتەرنێتدا هەن، رۆژنامەکانیشیان نزیکەی 72 لاپەرە دەبن بە دیزاینێکی جوان و سەرنج راکێش کە خوێنەر توشی بێزاری ناکات.

Oh my news ئەوە رۆژنامەیەکی ترەو تیراژی لە رۆژنامەکانی تر کەمتر نییە، بەڵکو خوێنەری زۆر زۆرە لە کۆریاو لە ولاٚتانی دەرەوە، کۆی پەیامنێرەکانی لە جیهاندا دەگاتە ( 160) پەیامنێر و هەرکەسێك دەتوانیٚ ببێتە پەیامنێری ئەو رۆژنامەیە، چونکە زۆربەی پەیامنێرەکانی خەڵکانی سەر شەقامن و ئەوانن کە ئاگایان لە رووداوەکانە، هەرچەندە کۆریا ولاٚتێکی ئازادە، بەلاٚم رۆژنامەکان خەتە سوورەکان نابەزێنن، زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکان دەکەن، لە دانیشتنێکدا سەرنووسەری رۆژنامەکە( جیان کە مین )وتی ئەو هەواڵەنەی بۆمان دێت بە دوو فلتەردا تێدەپەرێت، بە هیچ شێوەیەك ئێمە دەسکاری شتی تایبەتی کەسەکان ناکەین و هەواڵەکانیش سەربەخۆ بێبنەماو دیکۆمێنت بلاٚو ناکەینەوە، هەر هەواڵێك بۆ ئێمە دێت هەوڵدەدەین لە راستی و دروستی هەواڵەکە بکۆڵینەوە ئەوکاتە بلاٚوی دەکەینەوە.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەواڵێکی درۆ لە سەر کەس و لایەنێك بلاٚوبکەینەوە هەم خۆمان هەم رۆژنامەکەمان رووبەری سزایی یاسایی دەبێتەوە. وە حکومەتی کۆریا خاوەنی هیچ رۆژنامەیەك نییە تەنها یارمەتی هەندێك لە رۆژنامەکان دەدات.

لە کوردستان حکومەت یان حیزبەکان خاوەنی چەندین رۆژنامەن، ئەوەش کێشەیەك نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە هەندێك وتاری رۆژنامەو سایتەکان چڕ کراوەتەوە بۆ شکاندن و سوکایەتی بە تاکی کورد، تەنانەت ئەو شتە تایبەتیانەی کە پەیوەندی بە ژیانی تاك خۆیەوە هەیە، دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بیٚ ئەوەی نووسەر یان رۆژنامەنووس لە خۆی بپرسێت ئایا کەس پرسی بە من کردووە ئایا مافی منە باسی ژیانی تایبەتی خەلکی تر بکەم بە مەرجێك ئەو کەسە زیانی بە بەرژەوەندی گشتی نەگەیاندبیٚ، بێجگە لەو زمانە بازارییەی نووسین کە پڕە لە رووشان و شکاندنی کەسایەتی خەڵکی، بەبیٚ ئەوەی فلتەرێك هەبێت، بێئەوەی کەسێك خۆی بە بەرپرسیار دابنێت . ئەمانە هەمووی بە ناوی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە دەکرێت،سەرچاوەکانیش هەمووی وتیانە!

جارێکیان وتارێك کە پر بوو لە درۆ و پەیوەندیم کرد بە بەرپرسی سایتەکە، کە ئەم هەواڵە درۆیە، بەڵکو لای بەرێت، لە وەڵامدا وتی خەڵك ئەوەیان دەوێ، ئایا دەبێت خەڵکی کورد هێندە لە ئاستێکی نزمدا بن حەز بەدرۆ بوختان بکەن؟ یان نووسەرانی کورد هیچیان نەماوە بۆ وتن؟ یان ئێمە ئازادی بەوە تیگەیشتووین، کە ماف بەخۆمان بدەین دەستکاری ژیانی تایبەتی کەسانی تر بکەین بەبێ ئەوەی ڕێگەمان پێدرابێت،

لەراستیدا ئەمە سنوور بەزاندن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ترە ، هەواڵەکان زۆر جار ناراست و بێ بەڵگە بلاو دەکرێنەوە، لەکاری حکومەتدا روونی نیە، بەڵام باشتر وایە بەڵگەکان قسە بکەن بۆ ئەوەی بە نارەوا کەس تۆمەت بار نەکرێت.

ئەمرۆ لە کوردستان باس باسی و دزی و گەندەڵییە کەچی رۆژنامەیەك نییە بە ناو بەڵگەی تەواوئەم شتانە بلاو بکاتەوە، وەکو تر هەموو دەزانن کێ دزی دەکات و کێ گەندەڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوری فلان کەس و فلان بنەماڵەن یان پۆستێکی گەورەیان هەیە، یان سەر بە فلان حیزبن، نابێ ناویان بەرین، لەکەداریان بکەین دەبێ کارە دزیوەکانیان بپۆشین، ئەی باشە ئەو کەسانە بۆ شەرم لە گەورەیی خۆیان و بنەماڵەکانیان ناکەنەوە بە ئاشکرا دزی دەکەن، ئەوانەشی کە ناچەنە خانەی ئەوانەی سەرەوە، لە سەر هەر شتێکی بچووك رۆژنامەکان و خەڵك بێبەزەیانە باسیان لێوە دەکەن.

بۆیە لێرەدا دەڵێن کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان نەگەیشتۆتە ئاستی سەربەخۆیی هزری و دارایی خۆی، وەك هەموو لایەنەکانی تری ژیان پابەندە بە دەسەلاتەوە،هەر رۆژنامەیەکیش کە نەتوانێ خۆی بە خێو بکات، بە یارمەتی ئەم ئەو،ناتوانێ ببێتە سەکۆی فکری ئازادو خوێنەری ئازادیش بەرهەم ناهێنێ، لە کوردستان حکومەت یان حیزب چونکە پارە دەدات، خۆی بە بەخێوکەری ئەو رۆژنامانەدا دەنێت بۆیە ئازادیان پێ نادات.

*پوزان دووەم گەرەترین شاری کۆریایە لە دوای سیئۆل